https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.14

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# ڕاڤەکاریی دیدگا و نووسینی شاعیران و نووسەرانی کلاسیکی کورد لە بارەی ئاینی یارسان_ کاکەیی:

د. زریان جیزنی محمد

مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێژی ئاداب

Zrian.mohammad@su.edu.krd

**پوختە**

ئاینی یارسان لای بڕوادارانی وەکو ئاینێکی سەربەخۆی کوردی ناسراوە. زمانی کوردی (لهجەی گۆران)، بە زمانی پیرۆزی یەزدانی ناسیوە، تێکستەکانی سەرەنجامی پێ نووسراوە. ڕیشە و ڕەگەز و سەرچاوەکانی ئاینی یارسان توند گرێدراوە بە ئاینە دێرینەکانی مرۆڤەکانی بناری زاگرۆسنشین، وەکو مانی، زەرڤانی، زەردەشتیەت و میهر پەرستی، ئاینی یارسان دەورە بە دوای دەورە گەشەی کردووە و بڵاوبۆتەوە لە سنووری پان و بەرینی دەوڵەتی مادی گەورە.

لەم توێژینەوەیەدا دیدگای سێ شاعیری گەورەی کورد (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مەلا جەباری و مەحویی شاعیر) ڕاڤەدەکەین دەربارەی ئاینی یارسان و بڕوادارانی لەسەر بنەمای تێکستەکانی خۆیان. ئەم توێژنەوەیە ئاوڕدانەوەیەکە لە مێژووی هەوراز و نشێوی ئاینی یارسان لە لایەن نەیاران و کورد خۆیەوە کە زۆر جار بەهۆی نەزانینەوە شاعیران و نووسەرانیشمان توشی بەهەڵەداچوونی گەورە بوونە و ئاینەکەیان بە شێوەیەک وێناکردووە کە دوورە لە ڕاستییەوە.

(وشە کلیلییەکان: یارسان، جەم، دایە ڕێزوار، بابایادگار، سمێل)

## ڕاڤەکاریی دیدگا و نووسینی شاعیران و نووسەرانی کلاسیکی کورد لە بارەی ئاینی یارسان_ کاکەیی:

### مێژووی ئاینی یارسان:

ئاینی یارسان بە چەند ناوێک ناسراون وەکو: "یارسان"، کاکەیی، "ئەهلی هەق" "عەلی ئیلاهی". مێژووی دروستبوونی ئاینی یارسان بە وردی ڕوون نییە و بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەری، کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی ئاینی ئیسلام، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون ئاینی یارسان یان ئەهلی هەق ڕیشە و سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ (٣٥٠٠ بۆ ٥٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا) و تێکەڵ بە ئاینە دێرینە کوردییەکانی وەکو: زەردەشت، زەرڤانی، مانی و ئاینی میترایزم، دەبێت.

هزر و ڕامانی ئاینە دێرینەکانی مرۆڤەکانی بناری زاگرۆس، لە چەندین ڕەگەزی گەوهەریدا، وەک دۆناودۆن، یەکێتیی ڕۆح، نور پیرۆزی و دابونەریتی ئاینی تایبەتی ئاینی شوێنە پیرۆزەکانیان یەکدەگرنەوە.

ئاینی یارسان دووبارە سەریهەڵداوە و بڵاوبووەتەوە لە سەردەمی بالولی ماهی بە نهێنی. زمانی کوردی لەهجەی گۆران (هەورامی) هەڵبژێردراوە وەکو زمانی پیرۆزی ئاینەکە. پاشان دەورە بە دوای دەورە گەشەی سەندووە و دەورەکانی تر بەدوای داهاتوون وەکو دەورەی شاخوەشێن لە لوڕستان سەرهەڵدەدات، دەورەی بابا سەرهەنگ داودان، دەورەی بابا ناوس، دەورەی بەچە موئمین و سەیدی شیانی داودانی لە کۆتاییدا دەورەی سوڵتان ئیسحاق (مەزنترین ڕۆح و نوێکەرەوە و دامەزرێنەری سیستەمی ناوخۆی ئاینی یارسانە، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە) کە بە دەورەی پردیوەریش ناسراوە. سوڵتان ڕێوڕەسمی ئاینەکەی ڕەنگرێژ کردووە و لە پردیوەر بارگەی خۆی داناوە و هەر لەوێش ماوەتەوە، ئیستاش مەزاری سوڵتان ڕووگەی بڕوادارانی ئاینی

یارسانە و ساڵانە  بۆ تەوافکردن سەردانی مەزارگەکەی دەکەن (نەبەز، ٢٠٠٩، لا٣٥).

شوێنی جوگرافیی ئاینی یارسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەمەدان و داڵاهۆ و قەسری شیرین و کرماشان و جوانڕۆیە و لەویشەوە درێژدەبێتەوە بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان و هەورامان و هاوار و هەوارەکۆن و دەرەتوو و هەڵەبجە، هەروەها کاکەییەکان لە موسڵ و کەرکوک و زەنقڕ و پاشان هەولێر و سلێمانی و کۆیە و خانەقینیش هەن (لیرخ،١٩٩٢، ٣٩).

ئاینی یارسان خاوەنی کتێبی پیرۆزی ئاینیی خۆیانن بە ناوی (سەرەنجام)، کە لە ناوەرۆکدا بریتییە لە قەول و کەلام و تێکستی ئاینی و نەسیحەت و ڕێورەسمی تایبەتی ئاینی، کە مێژووەکەی بۆ ٨٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، بۆ زەمانی سوڵتان سەهاک دەگەڕێتەوە. (خەزنەدار، ٢٠١٠، لا٢٥٤) بە هەمان شێوە مینۆرسکیش لە کتێبەکەی بە درێژی باسی لێوە داکات (مینورسکی، دائرة معارف الاسلامیه، ج٣)

لە گەوهەری ئاینی یارساندا باوەڕیان بە فەلسەفەی دۆنایدۆن هەیە (بۆ گەیشتن بە کەمال لە ڕێگەی دۆنایدۆنەوە مرۆڤ دەگا بە پلەی چاوداری، واتە بگەڕێنەوە سەرچاوەی ڕووناکی، ئەو سەرچاوەی کە لێوەی هاتوون گەوهەری سەرچاوەکەش نوری یەزدانە). (کاکەیی، ٢٠٠٩،لا٩٩)

تایبەتمەندیی ئاینی یارسان پڕە لە ڕەمز و ڕاز و بە درێژایی مێژوو هەوڵیداوە بەشێوەیەکی نهێنی پارێزگاری لە ڕێورەسم و پەیامی ئاینەکە بکەن. بڕوادارانی ئاینی یارسان هەمیشە بە نهێنی پەرستش و ڕێورەسمەکانیان لەنێوان خۆیاندا جێبەجێدەکەن بە ئامادەبوونی پیر و ڕابەر و خەلیفە.  هەروەها سمێڵ (کە دەبێت سمێل بە مۆر بێت یانی

دەست لێنەدراو بێت واتە لە منداڵییەوە نەتاشرا بێت) لە باری کۆمەڵایەتییەوە بەر لە گفتوگۆ سیمای یارسان دەناسرێتەوە بە تایبەت لە نێوان یارسانەکان خۆیاندا. لە دیوێکی ترەوە سمێڵ ڕەمزی جوامێری و دەستپاکی و ڕاستگۆیی و پشتبەخۆبەستنە. لە نێو کۆمەڵەی یارسانیش بە درێژایی مێژوو بڕوادارانی یارسان پارێزگاریان لە سیمای ڕەسەنی خۆیان کردووە، بە تایبەت پیرەکان و ڕابەرەکان و باوە و خەلیفە و بڕوادارەکان، و سوکایەتیکردن بە سمێڵ بەهەر هۆکارێک واتە سووکایەتی بە ئاینەکە".

لە خۆرهەڵاتی کوردستان ناوچەی دالاهۆ و کرماشان بەر لە چەند ساڵێک چەند بڕوادارێکی ئاینی یارسان زیندانی دەکرێن لە لایەن دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێران. لە زیندان کاربەدەست و پۆلیسەکان ئەشکەنجەی زیندانیەکان دەدەن و بە تایبەتیش سووکایەتی بە سمێڵیان دەکەن کە ڕەمزی پیرۆزی ئاینەکەیانە، بۆیە کە سمێڵیان دەتاشن لە کاتی ئازادکردنیان لە نزیک باڵەخانەی شارەوانی ئاگر لە جەستەی خۆیان بەردەدەن و خۆیان دەسووتێنن (لە باری کۆمەڵایەتی لە دیدگا و بڕوای زیندانییەکان بێ پاراستنی ڕەمزی ئاینەکەیان لە ژێر ستەمگەریی دوژمندا، هیچ بەهایەکی تریان لە ژیاندا نەدەبینی، بۆیە بڕیاری خۆسووتاندنیان دا.

بە درێژایی مێژوو نموونەی جۆراوجۆر زۆرە کە بڕوادارانی ئاینە کوردییەکان بە تایبەتیش یارسانییەکان کەوتوونەتە بەر شاڵاو و هێرشی کۆمەڵکوژی و بەتاڵانبردنی ماڵ و موڵک و وێرانکردنی شوێنە پیرۆزەکانیان (تازەترین نموونە هێرشەکانی شاڵاوی داعشەکان بۆ سەر مەزاری ئێزیدییەکان و یارسانییەکان و جێنۆسایدکردنی بڕوادارانی ئاینە کوردییەکان و پاککتاوکردنیان). دیارە ڕیشەی توندوتیژییەکان پەیوەستە بە جیاوازیی ئاین و مانەوە لەسەر خاکی باپیران و درێژەدانە بە بەرخۆدان بۆ پارێزگاریکردن لە خاک و زمان و کلتووری نەتەوەکەیان.

جگە لە توندوتیژی و دەستدرێژی، هێرش و چەوسانەندنەوەی دەرەکی، لە ناوەخۆی کوردستانیشدا بەهۆی توندڕەویی ئاینی و مەزهەبی زۆرجار هێرشی ڕاستەوخۆی ناڕەوا کراوەتەوە سەر بڕوادرانی ئاینە کوردییەکان و تێکیانشکاندوون و لە ناوچەکانی خۆیان دەریانکردوون. لە دیوێکی ترەوە لە دێرزەمانەوە چەندان نووسەر و شاعیر و مێژوونووسی کورد بێ ئەوەی زانیارییەکی ڕاست و پوختی هەبووبێت لە ڕێگەی نووسینەوە هەوڵی ناشرینکردن و شێواندن و هەجووکردنە سەر بڕواداران و ئاین و کلتوورەکەیان کردووە. دەبینین بە زمانێکی ڕووتی بێ ڕێزی زبری دووژمنانە تابلۆی درۆی بوختانیان ڕەنگڕێژکردووە تەنها بە مەبەستی بە دوژمن ناساندن و بە کافر و زەندیق پێناسکردنی بڕوادارانی ئاینە کوردییەکان دەیان لاپەڕەیان ڕەشکردۆتەوە کە هیچ پەیوەندی بە گەوهەری هزر و کلتوور و تێکست و ڕێوڕەسمی ئاینە کوردییەکانەوە نەبووە. هەڵبەت وەکو ڕاستییەک نووسن و بەرهەمی نووسەران و شاعیری کورد تا سەر ئێسقان وێنەی نەگەتیڤ و ستریۆتایپیان دروستکردووە و بە شێوەیەکی زۆر نەگەتیڤ و قێزەون بڕوادارانی ئاینە کوردییەکان و کلتوورەکەیانی وێناکردووە. ناوەرۆکی تێکستی نووسەران بە هیچ شێوەیەک پێناسی ئاینە کوردهیەکان ناکەن، کە لە گەوهەردا ئاینە کوردییەکان ڕیشەی دێرینیان لە بوون و مێژووی هزری کووردا هەیە و لەسەر بنەمای ڕاستی و پاکی و چاکی و خاکەرایی داڕێژراوە، لەبەر ئەوە تێکستی نووسەرەکان وەکو هەڵچوونێکی کالفامی یان هەڵبەستراوێکی بێبنەما دەردەکەون.

نمونەی یەکەم شاعیری گەورە و دیاری کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣١-١٩١٠)، بەشێک لە دیوانەکەی تایبەت تەرخانکردووە بۆ ناشرینکردن و هەجووی ئاینی یارسان و بڕواداران و کەسایەتییە پیرۆزەکان و کلتوورە دێرینە ڕەسەنەکەیان.

## ژیاننامەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە کورتی:

ناوی "ڕەزا" کوڕی "شێخ عەبدولرەحمان" کوڕی "شێخ ئەحمەد" کوڕی "مەلا مەحمود"ی زەنگنەیە لە ساڵی ١٨٣١ی لە ئاوایی "قرخ" لە ناوچەی چەمچەماڵ لەدایکبووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لەلای باوکی، کە ئەوەیش شاعیر و بووە بە زمانی فارسی شعری نووسیوە، دەستیکردووە بە خوێندن جگە لەوە خۆی فێرە زمانی فارسی کردووە، لەپاشان لای شێخ عەبدولغەفووری مامی ئەخوێنی و دەبێت بە فەقێ، پاشان چۆتە کەرکووک، ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە و دەست بە فێربوونی زمانی عەرەبی دەکات و عەرەبی دەخوێنێ و پاشان دەچێت بۆ کۆیە، لەلای مەلا ئەسعەدی باپیری مەلا محەمەدی کۆیە دادەمەزرێ وەکو فەقێ، لە مزگەوتی گەورەی کۆیە. (تالەبانی،٢٠٠١، ١٤-٢٠)
لە دەوری فەقێیەتیدا هاتۆتە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی گەورە، ئەوەی بە مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ بەناوبانگ بووە، خوێندوویەتی، ئەو کاتە زمانی تورکی باوبووە و دەبوایە بخوێنرایە، شێخ ڕەزا تا ئەگاتە دەوروبەری ٢٥ ساڵی خۆی بە خوێندنی زمانی عەرەبی و وێژەی فارسی و تورکییەوە خەریکدەکات. پاشان دەبێت بە ئیمام لە ناوچەی زەنگەنە. لە ساڵی ١٨٦٠ی زاینی دەچێتە "حەڵەب و پاشان بۆ ئەستەمبوڵ و دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و هەر لەو ساڵەدا باوکی کۆچی دوای دەکات، مردنی باوکی زۆر کاری تێدەکا و دڵگران دەبێ، تا ساڵی ١٨٦٦ بۆ جاری دووەم دەچێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ، ماوەیەک لە ئەستەمبوڵ دەمێنێتەوە، لەو سەردەمەدا کوردستان دابەشکرابوو لە نێوان عوسمانییەکان و فارسەکان، شاعیر پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سیاسەتمەدارەکان هەبووە، دوای ئەوە سەفەری حەج دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٨٧٤ی زاینی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و بە تەواوی ئەستەمبوڵ بەجێدێڵێ. پاشان خەریکی کاری کشتوکاڵی دەبێت. زۆر جار هاتوچۆی وەسمان پاشا و مەحمود پاشای

جاف و پیاوە ناودار و ناسراوەکانی ئەو ناوچەیەی کردووە، تا ساڵی ١٨٩٨دا بە تەواوەی کەرکووکی بەجێهێشتووە و چۆتە بەغدا. لە تەکیەی تاڵەبانی جێگیربووە، پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ بنەماڵەی "سەلیم بەگی بابان" و "سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب"ی بەغدادا هەبووە، شێخ ڕەزا لە ٢١ کانونی دووەمی ١٩١٠ میلادی لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گەیلانی لە نزیک "شێخ عەبدولقادری گەیلانی" لە بەغدا نێژراوە. شێخ ڕەزا بە چوار زمان شعری نووسیوە، کوردی، فارسی، تورکی و عەرەبی، هەروەها خاوەنی سێ کچە بە ناوەکانی ڕاضیە و مەرضیە و ڕابیعە، و سێ کوڕیشی لە دوای خۆی بەجێماون بە ناوەکانی محەمەد و محەمەد ئەمین "شێخ عەبدوڵلا". لە جێنشینی شێخ ڕەزادا عەبدڵڵای کوڕی دادەنرێت و لە ساڵی ١٩٤١دا لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە، هەردووکیان لە گۆڕستانی گەیلانی لە تەنیشت باوکیانەوە بەخاکسپێردراون (ئاشنا ،٢٠٠٤، ٢٥).

شێخ ڕەزا بە شاعیرێکی زمان زبری هەجوکەر ناسراوە لە شعرەکانیدا، نموونەی هەجوی زۆر توندی هەیە، لە بارەی پیاوانی سیاسەتمەدار و سەرخێڵ و کەسایەتیی ناسراوی هۆز و ئاینەکان. بە نموونە: هەجوی شێخ ڕەزا بەم زمانە زبرە دوژمنکارانە بۆسەر یارسانەکان و ئاین و ڕێوڕەسم و بیروباوەڕە پیرۆزەکەیان. بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕوو هەجووکردنی شێخ ڕەزا لەو سەردەمەدا دەشێ پەیوەندی بە ناکۆکی و دووبەرەکیی خێڵی تاڵەبانییەکان و یارسانەکان (کاکەییەکان)ەوە هەبووبێت، کە ناکۆکییەکانی نێوانیان سەردەمانێک لەسەر زەوی و زار گەیشتە ئاستی دوژمنداری و خوێنڕشتن.

ناکۆکییەکان لە نێوان عەشیرەتی تاڵەبانی و یارسانەییەکان(کاکەیەکان) لە ڕیشەدا دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزبوونی خێڵی تالەبانییەکان و دنەدانی پیاوانی مەزهەبی توندڕەوی ناو عەشیرەتەکە بۆ

هێرشکردن و داگیرکردنی زەوی زاری زۆری ناوچەکانی خانەقین، کەرکوک، دوبز تا دەگاتە سەر زێی گەورە، ئەو کاتە خێڵێکی گەورەی دەستڕۆیشتووی شەڕانگیز بوونە و خوازیاری دەستبەسەرداگیرتن و زاڵبوونیان بەسەر ناوچەکاندا هەبووە (یارسانەکانیش بە درێژایی مێژوو ژیاون لە ناوچەکە و توند گرێدراون بە خاکی باپیرانیان و چەندان مەزاری پیرۆزیان هەیە لە ناوچەکە وەکو خان ئەحمەد و بابەگرگڕ، بۆیە بە هیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی پاشەکشە بکەن و دەستبەرداری موڵکی باپیرانیان بن لە ناوچەکە. هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا بە ڕوونی دیارە، تاڵەبانییەکان لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان بەسەر زەوی و زارێکی زۆری عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە داگرتبوو وەکو عەشیرەتی داودە، جەباری، شێخانی بەزنجەدا، بەڵام لە قەزای داقوق ناکۆکییەکان گەیشتنە ئاستی جەنگ و ئاڵۆزی لەگەڵ یارسانییەکان (کاکەییەکان). لە ئاکامدا گەلێک شەڕ و پێکدان لەنێوانیاندا ڕوویانداوە. (تالەبانی، ٢٠٠١، ١٤-٢٠)

شێخ ڕەزاش وەکو شاعیر و کەسایەتییەکی دیاری ئاینی نێو خێڵی تاڵەبانییەکان بە ئەرکی خۆی زانیوە لە ڕێگەی شیعرەوە بە زمانێکی زبری هەجوو پشتیوانی لە خێڵەکەی خۆی کردووە. هەجووی شێخ ڕەزا بۆ سەر کاکەییەکان زۆر زیاتر لەوەی کە شێخ ڕەزا پەی پێبردووە لە هزر و ئاگایی کۆلێکتیڤی کۆمەڵگەی کوردستاندا ئاینی یارسان و کەسایەتی و کلتوورە دێرینەکەیانی ناشرین کردووە و شێواندوویەتی. لەمەش گرنگتر ئەوەیە لەوساوە تا ئەمڕۆ هزرمەندان و نووسەرانی کورد خۆیان بە بەرپرسیار نەزانیوە نەیانویستووە تیشک بخەنە سەر شیعر و نووسینی نووسەرانی کورد کە زۆر بێبنەما و ناڕەوا ئاینە کوردییەکانیان بە دوژمن و زەندیق وێناکردووە. بە پێی هەزاران لاپەڕی تێکستی پیرۆزی ئاینی یارسان کە شارەزایان کاریان لەسەر کردووە و ڕاڤەیانکردووە، دیارە سەر لەبەری شیعری شێخ ڕەزا و نووسەرانی تر کە بە شێوەیەکی دوژمنکارنە هەوڵیانداوە ئاینی یارسان ناشرین بکەن هیچ پەیوەندییەکی بە

ڕاستییەوە نییە.  لەم شعرەدا شێخ ڕەزا هەجووی توند دەکاتە سەر: (ڕێوڕەسمی پیرۆزی جەم لە جەمخانە لە ئاینی یارسان، دایە ڕەزباری دایکی سولتان سەهاک، سەی براکە، داودی کەوەسوار، خان ئەحمەد، دۆنای دۆن (تناسخ) چەندان شوێن و ڕەمزی پیرۆزی ئاینەکە).

شێخ ڕەزا لە بەشێکی هەجووی کاکەیی لە دیوانەکەیدا قەسیدەیەکی درێژی هەیە دەڵێ:

بابان باشندە بر باطمان یشیل وار          امام القوم فی تقسیم شلوار

هەتانە وەکو هەر بیستومە بەزمێ          لە سالێکا شەوێ یارانی دیندار

دەبەستن حەلقەیی وەکو عەقیدەی پەروین          لە جێگایەکی خاڵی لیس فیە دەییار

بە چۆکا دێ قوتەی مل نێرکە کاردو          وەکو بولبول ئەخوێنی وەعضی گوفتار

دەخوێنی مرثیەی مالووسی مەرحوم          یەکانەی گون ڕەش و گاحولی شاخدار

وەکو باران بە کلکی پیرە صەگدا          بە ڕیشی دادەچۆڕێ ئەشکی خونبار

لە پاش ئیکمالی ڕەسم و ماتەم و شین          وەڕین دەس پێدەکا وەکو کەلبی هەوشار

مەعاذیللا دەڵێ(یاایها القوم)          درۆیە حەشر و نەشر و جەننەت و نار

له گوێ مەگرن قسەی ئاخونی شیعە        بە ئاشوبن مەلای سەر لەنگە
دەستار غەرەز لەم چرت و پرت و فاک و فیکە

ئەگەر سەیری ئەم چەند دێرە قەسیدەی سەرەوە بکەین، دەبینین بە زمانێکی زبر باس لە بناغەی گرنگیی هزری یارسانییەکان دەکات بەبێ هیچ زانیارییەک و لێکۆڵینەوەیەک، بناغەی هزر و ئاینی یارسان لەسەر یەکێتیبوون و دۆنایدۆن دامەزراوە، بۆیە زۆربەی ڕۆحە مەزن و پیرۆزەکانی ئاینەکانی تری لە مێژوودا وەکو بەشێک لە ڕۆحی پیرۆزی ڕابەرانی ئاینی یارسان قبوڵکردووە، بۆ نموونە ڕۆحی موسا پێغەمبەر ڕۆحی ئیبراهیم، ڕۆحی عیسای مەسیح و سوقرات و ئیمامی عەلی و پێغەمبەر موحەمەد. بۆیە یەکێ لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی ئاینی یارسان خاکەڕایی و لێبووردەییە بەرانبەر بە نەتەوە و ئاینەکانی دەرەوەی خۆی.

دیارە لە ئاینی یارسان دۆن گۆڕین و دۆنای دۆن هەیە، بۆیە باوەڕدارانی ئاینی یارسان، باوەڕیان وایە لەسەر زەوی لە ژیاندا لە ڕێگەی چاکەکارییەوە بەهەشت لە ژینگەکەیان دروست بکەن. ( کاکەیی، ٢٠١٢، لا١٠٤)

لە درێژەی قەسیدەکەی هەر لە سەرەتاوە تاکۆتایی کە (٢٤) دێرە کۆمەڵێک دەستەواژەی بەکارهێناوە کە لەبەر کەمیی ماوەی باسەکە، ئێمە بەشێکی کەمی وەردەگرین بەڵام گومانیش لەمەدا نییە، کە شاعیر هەجوویەکی زۆری کردۆتە سەر ئاینی یارسان، ئەمەش لەم زەمەنەدا دەبێ چەند کاریگەری هەبووبێ کە بڵاوبۆتەوە و خەڵکیش باوەڕی پێکردوون، بەداخەوە... لە درێژەی قەسیدەکەیدا:

لەسەر سێ ڕوکنە، ئەووەڵ و تەرکی ئازار        دووەم ئیکرام ضەیف و شەرتی ثالث

لەهەردوو عومدەتر کیتمانی ئەسرار        ئەمانەش جوملە پەشمن ئەظڵی مەقصەد

چوارە پێت بڵێم ئەی پیرە هۆشیار        شکستەی جەوز و تولی سەوز و کەلبەی

بەرازی بۆز و کەللەی خوگی مردار        ئەگەر دەرچێ لەسەر ئەم دینە ڕووحت

دەچێتە قالبێکی شۆخ و نازدار

دیدگا و دنیابینیی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەم بەشەی قەسیدەکەیدا جگە لە ناشرینکردن و هەجووی ئاینەکە هیچ زانیارییەکی گەوهەری بە دەستەوە نادا دەربارەی دۆنای دۆن، کە کۆڵەگەیەکی گرنگی ئاینی یارسانە و کلیل و گەوهەری ئاینی یارسان لەسەر فەلسەفە و باوەڕی (دۆنا و دۆن) ڕەنگڕێژکراوە. باوەڕ بە دۆنای دۆن بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڵکو لەو ڕۆژەوە پەیدابووە کە مرۆڤ بیری لە خۆی و وجود و گەردوون کردۆتەوە. هەر بۆیەش دۆناودۆن سەرەتا و بناغەی زۆربەی  ئاین و فەلسەفەکانە، لە زەمەنی سۆمەری و یۆنانیی کۆنەوە بگرە تا فیرعەونەکانی میسر بەر لە ٥-٦ هەزار ساڵ، تا ئاین و ئاینزاکانی هیند و ئارییایی کە لە هندستان و کوردستان و ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەرکەوتن، تا ناوەرۆکی ئەسڵی هەندێ ئاینی ئاسمانیش.

ئاینەکانی ڕۆژهەڵات بەر لە ئیسلام لەسەر دۆنای دۆن دامەزراوهن، وەک زەروانی و میترایی (مهرپەرستی) مانی و مەزدەکی، تا بەرادەیەکیش زەردەشتی کە زەردەشت بە خۆی گوتیەتی: جاری دیکە لە جامەی بەشەری دەردەکەوێت ناوە تازەکانی خۆشی ئاشکرا کردووە. هەروەها ئاینی برەهممایی هیندۆسی و بودایی و ڤیداکان، سەرەپان لەسەر باوەڕی

دۆنای دۆنن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش چەندین ئاین و ئاینزا و تایفە هەن کە باوەڕداری دۆناودۆنن، جگە لە باوەڕدارنی یارسان، ئەمانەش هاوباوەڕن وەکو عەلەوی، بەکتاشی، دروزی، ئیسماعیلی، ئیزیدی، شا نعمة اللهی، خاکسار و هیدیکە. هەروەها چەندین فیرقەی گەورەی سۆفیگەریی عیرفان لە میسر و سوودان و باکووری ئەفریقا و پاکستان و هندستان باوەڕداری دۆنای دۆنن.( میران،٢٠١٧، ١٩٢)

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بنەماکانی ئاینی یارسان، لە دەورەی سوڵتان سەهاک دۆنای دۆن وەکو بنەمایەکی ڕیشەیی و گرنگی ئاینەکە چەسپا.

لە تێکستە پیرۆزەکانی ئاینی یارساندا هاتووە، مرۆڤ لە کاتی مردندا ڕۆح لە جەستە جیادەبێتەوە و هەموو ڕۆحێک هەزار و یەک جەستە دەگۆڕێت و ئینجا دەگاتە قۆناغی نەمری و چاوداری، بەمەش دەوترێت دۆنای دۆنی ڕۆحەکان. لە ئاینی یارساندا دۆنای دۆن چوار جۆری هەیە (نەسخ لە مرۆڤ بۆ مرۆڤ، مەسخ بۆ ناو لاشەی گیانەبەران، ڕەسخ، بۆ ناو ڕووەک، فەسخ، بۆ ناو گیانەوەری چزوودار وەک مار و و دووپشک)، واتە لە کرچ و کالییە نەفامەییەوە بۆ پێگەیشتن گەیشتن بە کەمال، واتە گەیشت بە ئاستی بەرزی مرۆڤ خودایی. لەم گۆڕانەدا ڕۆح دەکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ هەموو بوونەوەرێک و هەزاران پلە دەپێوێت و لە هەموو قۆناغێکدا بە گوێرەی چۆنیەتیی کرداری دەرواتە قۆناغێکی دیکە هەتا بە تەواوی خاوێن دەبێتەوە ئینجا بە شوێنی مەبەست دەگات، (میران، ٢٠١٧، ٢٠٤) چەندین کەلام هەن کە دۆنای دۆنی ڕۆحەکان تێیدا خراوتەڕوو، بە نموونە شاخۆشین دەفەرموێت:

مامام جەلالیٚ کاکام ڕەنگینە

دوون وە دوون ئامام چینە وەچینە

ها ئیسا یۆرت و نامم خۆشینە

هەر کەس بشناسۆم پاکش مەوکینە

بە واتای (دایکم ناوی جەلالە کاکەم ناوی ڕەنگینەیە، ڕۆحەکەم لە ناو چەند تەنێکدا گەڕاوە تا گەیشتوومەتە ئەم تەنە و ئێستا ناو خۆشینە، هەر کەس بە ڕاستی بمناسێت هیچ کینەیەک لە دڵیدا نامێنێت).

لە درێژەی هەمان شعری شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، ناوی پیرۆزی باوە یادگار دەزرێنی:

ضەعیف بێ خوانەخواستە ئیعتقادت

بە ئاین و بە ئەرکان و بە ئەطوار

نەکەی تەرسێک بە ڕیشی خەلفە باپیر

نەدەی گانێ لە ڕێگەی (باوە یادگار)

ئەم پارچە قەسیدەیەی سەرەوە ناوی کەسایەتییەکی پیرۆزی نێو ئاینی یارسانی هێناوە ئەویش (بابا یادگار) یەکێکە لە پیرانی (هەفتەوانە) کە داود و مستەفا و پیر موسا سەریان پێی سپاردووە (سەرسپوردەی) بوون و لە جەمدا نیابەتی عیرفانی کەلامی ئیلاهی پێبەخشراوە، بابا یادگار بە فەرمانی سولتان سەهاک بۆ ماوەیەک دەچێتە هیند و پاکستان بۆ ڕێنوێنی خەڵکی پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و بە دەستی دوژمنانی کوژراوە (بورەکەیی، ١٣٦٠، ٥٥ و ٥٦) لە کەلامێکدا دەفەرمووێ:

مەقام یادگار چە مەر نۆ     گوادەی شۆمارش پیر ڕۆستەم بۆ

پەرێ یارسان بۆ وەسڕ مەگۆ   چەنی ئیبراهیم وە یەک مەرەژێۆ

هەر لەم بارەیەوە لە کەلامێک باس لە بابا یادگار دەکات

شا ئیبراهیمەن شاهـ و یەزدانی یەزدان یادگار شا وە جیهانی

مەبەست لەم کەلامە کە بابایادگار ڕۆحێکی بەرز و پیرۆزی ڕابەرانی یارسانە و سەری بە شا ئیبراهیم سپاردووە.

هەروەها بە پێگە و سەروەریی بابا یادگار دەفەرموێ:

یادگار نۆشانش ئازار و خەتە پەوکە پێش ماچان سەیید سەروەر

بابا یادگار پێگەی پیر و سەروەری هەبووە و لە ئاینی یارسان و کە دوای شەهیدبوونی بە ئەمری سولتان سەهاک لە کۆشکی پردێوەردا بەخاکسپێردراوە. (بورەگەیی، ٢٠٠٨، ٢٩٩)

ئەمەی خوارەوە درێژەی قەسیدەی هەجووی کاکەییە، کە لە نێویدا باسی کەسایەتییەکی پیرۆزی ئاینی یارسان، کە ئەویش دایە ڕێزوارە، لەکاتێکدا کەوتۆتە بەر هێرشی زۆربەی شاعیرە کلاسیکەکان، لە خوارەوە بە درێژی باسی لێوە دەکەین:

شیاکەی کاو حول نەگری لە ڕیشت نەچیتە ژێر کولینی (دایە ڕێزوار)

قەپۆزت دانەپۆشی بەر سمێلت بەسەر ملتا نەیێ وەک یاڵ کەمتار

لە قیبلەی مستەفا ڕوو وەرنەگیرێ لە ڕێگەی شەرعدا نەمری گوناهکار

لە پەشمی ڕیخناکی بەر سمێلت        نەڕێسن سەرکەلە و دەسبەند و هەوسار

کە مردی ڕووحی ناپاکت بە چوستی        لە ئینسانی ئەچێتە شەکلی سەگسار

وەرن یاران شەوی میعادە ئەمشەو        لە پێ دەرپێ فڕێدەن یار و ئەغیار

شەواڵی زەرد و سوور وەک خەرمەنی گوڵ    لەسەر مافوری زەرد ڕووی کەن بەخەروار

شەواڵی خامەک و زەر بەفت و خارا        لەسەر یەک دایبنێن وەک ماڵی توججار

کەنیز و خانم و خاتوون و خادیم،        فەقیر و مونعیم و دەروێش و سالار

نەدیم و نۆکەر و ئاغا و ئەفەندی        لە دەوری دانیشن وەکو خەتتی پەرگار

لە نەزمی بەزمی جەم ساقی بگێڕێ        شەراب و لێ بدا موطریب لە مزمار

نەبیذ و شەربەت و نوقل و مەزە و مەی    دەف و تەمبوور و ساز و بربط و تار

دەبێ ئەم بەزمە هەر بەم نەزمە بڕوا        هەتا دوو حیصصە ڕابورێ لە شەوگار

شێخ ڕەزا لە بەشێکی تری قەسیدەکەیدا هەجووی بۆ سەر ئاینی یارسان و پیرۆزییەکانی هێرش دەکاتە سەر ڕێوڕەسمی پیرۆزی جەم و جەمخانەی یارسانییەکان. لە ڕێوڕەسمی جەمدا تەنها بڕوادارانی یارسان بەشدار دەبن لەم ڕێوڕەسمە پیرۆزەدا کە بە کەعبەی یارسان دەژمێردرێت جەم دیوانی گەورەی بارەگای سولتان سەهاکە و لە کەلامەکانی سەرەنجامدا زۆر بایەخیان بە پیرۆزیی جەم داوە. (کاکەیی،٢٠١٢، ٣٦٩)

لە دێر زەمانەوە ڕێوڕەسمی جەم لە جەمخانەکانی یارسان بە نهێنی پارێزراوە، پێویستە جەم لە جێگایەکی نهێنی سازبدرێت تا بێگانە هەستی پێنەکا و نەیبینێ، بۆیە زۆربەی جار بە شەوان ئەنجامدەدرێت، وەکو میر خەسرەو لوڕستانی کە دۆنی سەید (أحمد المیر) لە دەورەی هەفتەوانە لە پردێوەردا بە زمانی فارسی لە سولتان ئیسحاق دەپاڕێتەوە و دەفەرموێ:

تورا بر عشق ان پیرت هەست رەداباری

مرا ببخش با ان جم سر شەبانت

(واتە: بە عیشقی ئەو پیرەت (بنیامین) کە قایل و خاکەڕایە بمبەخشە بەو جەمەی کە بە نهێنی بە شەوان سازیدەدەیت) سولتان لە ژێر پەردەیەکی تاریک پەنهانی جەمی ئەنجامداوە، چونکە جەمکردن کە بەسەدان کەس بەشداری کرد بە هەڕەمەکی ئەوا ئەو جەمە قبوول نییە. (تاهیری، ٢٠٠٨، لا٤٥٦)

عابەدین لە دیوانەکەی دەڵێ:

جەمیان بە سڕ خەفیەت دەکا

لە پەنهانی کەیفیەت دەکا

واتە (مەولا: جەمی لە سرڕدا بە نهێنی سازداوە و لە پەنادا کەیف و خۆشی دەکا)

جەمخانە ئەو شوێنە تایبەت و پیرۆزەیە کە جەم (جەمات)ی تێدا سەوز دەکرێت زۆر جار لە ماڵی پیرێک یان ڕابەرێکی یارسانی ڕێکدەخرێت. جەمخانە شوێنێکی تایبەتە بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاینی وەکو جەمات، قوربانیی نیاز، داوەت) دەگرێتەوە، کە مەڕاسیمێکی پیرۆزی ڕێکخراوی کۆمەڵییە، وەکو فەرزێکی ئاینی یارسانەکان بە پێی ڕێنمایی ئاینەکەیان ئەنجامی دەدەیت، جەم بە ئامادەبوونی پیر و خەلیفە و خادم و جەمنشین سازدەکرێت، لە زۆر بۆنە جەم سازدەکرێت لە بۆنەکانی (جەژنەکان، ناونانی منداڵ، سەرسپاردن، هاوسەرگیری، وەرزەکان، مانگانە، بەخاکسپاردنی مردوو، لەگەڵ ڕێوڕەسمیی ڕۆژووگرتن)

ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر هەیە بۆ سەوزکردنی جەم، بەڵام خاڵی هاوبەش و لێکچووش زۆرن وەکو بە گشتی جەمنشینان دەبێت جەستە و دەروونیان پاک بێت، لێبوردە و خاکەڕابن، جەم ئەو ناوەندەیە کە هەموو بڕواداڕێکی یارسان دەتوانێ نزا بکات بۆ گەیشتن بە ئامانج و خەونەکانیان. ئەمە بریتییە لە (قای و کەلەشێر) کە بارۆکە و مریشکیش دەبێت هەر خێزانێک بە پێی ژمارەی ئەو خێزانە لەگەڵ هەندێ نان و پڵاو برنج ئامادە دەکەن

خودی سولتان سەهاک بەرزنجی جەمی وەکو کرنوشگەی یاران داناوە وەکو دەفەرموێت:

هەرکەس نە جەم دا نە بیرۆ ئەرکان

وە ڕاست بگێرۆ دامان سولتان

ئانە حەقیقەت مێرد یاریەن

جه ڕۆژ حساو وه دیاریەن

واتە (هەر کەس لە جەمدا دەسە و داوێنی ئەو بێتەوە ئەوە لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا دیارە چونکە یەکێکە لە یارانی ڕاست)

جەم بە لای یارسانەکانەوە پیرۆزترین شوێنە، بریتییە لە (قاپ و کەلەشێر) مەرج نییە تەنها کەلەشێر بێت هەر خێزانێک بە پێی ژمارەی سەری ئەم خێزانە، لەگەڵ هەندێ پلاوی برنج ئامادەدەکەن و خۆی لە خۆیدا نیمچە جەژنەیەکە هەژار و دەوڵەمەند ناو چێشتەکەیان تێکەڵی یەک دەکەن ئینجا بە دڵ و دەروون پڕ بە سۆزەوە پیر و مام دوعای لەسەر دەخوێنن و ئینجا بە بێ جیاوازی وەکو یەک دابەشی دەکەن بەسەر یەکدا و گەورە و بچووک ژن و پیاو وەکو یەک بەشی دەدرێتێ:

وەک دەروێش ڕوحتاف لە دۆنی پیر بنیامینە لە سەرەنجامەکەی بە یاوەرانی دەفەرموێ:

هەر چوار نیازمان هامێتە کەرمێ

پا سۆز و دەروون دوعاش بدەرمێ

واتە (هەر چوارمان نیازەکانمان تێکەڵ بەیەک بکەین و بە دل و بە گیان بە دەروونی پڕ لە سۆزەوە دوعای بدەین و سەوزی بکەین) (کاکەیی، ٢٠١٢، ٣٦٩)

زمانی شعری شێخ ڕەزا زمانی قوتابخانەی سالم و نالییە تێکەڵێکە لە زمانی (فارسی و عەرەبی و کوردی، تورکی، لە درێژەی قەسیدەکەیدا بە تێکەڵییەکی ئەم زمانانە درێژە بە هەجووەکەی دەدا و دەڵێ:

کە دونیا بوو بە ڕووی قەیماس زەنگی سڕەی بەشکردنی شەڵوارە ئەمجارە

بەقورعەی مەعەدەلەت یەک یەک بەشی کەن      مەپرسن ئەقرەبا و قەوم و کەس  و کار

مەپرسن دایک و پوور و خوشک و خوارزا       لەژێر کورەکەی بەرن بێ قەول و گوفتار

مپالی قەولی باوە باوە و میرە میرە          میثالی کێر و کوز هەر وەک کون و مار

بەشەرعی مەزدەک و ئاینی بابەک          دخولی جائیزە ئیسمی کونادار

(فهیا سادتی للواطء و النیک                لقد علمتکم تقسیم شلوار)

چرا پف لێکەن و شێرانە هەستن

شێخ ڕەزا لە هەجووی قەسیدەکەیدا کە شەست دێرە، لە خەیاڵ و دنیا بینیی خۆیەوە ئاماژە بە چرا دەدا، کە بێئاگایە لە پیرۆزیی چرا لە ڕێورەسمی پیرۆزی (جەم)دا.

نور و چرا وەکو سمبولێکی پیرۆز لە ئاینی یارسان جێگیرکراوە، کە پیرۆزییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی نوربەخشین. لە دێر زەمانەوە چرا وەکو ڕوکنێکی ئاینی بەکاربراوە لە پای جەم، وە هەمیشە خادم بە کاتی خزمەتکردندا سوجدەی چراکەی کردووە( وە بە پارانەوە ووتیویەتی یا چرای پادشام). لە ڕێورەسمی (جەمدا) پێویستە چرا لە تەنیشت سەرجەمەوە(پیرێکی یارسانیە بەرزترین پێگەی پیرۆزی هەیە لە پای جەمدا) دابنرێت، وە چرا واتا ڕووناکی ڕۆحی پیر (ئەحەدەلمیرە پیرێکی پیرۆزی یارسانەکانە). بە پێی کەلامی دەقی سوڵتان سەهاک لە دەوری هەفتەوانەدا دەفەرموێ:

کاکە بشنەودێ هەفت پوور سەرجەمەن        هەر هەفتش وەکیل فانۆس و شەمەن

واتە (کاکە گوێ بگرن هەفتەوانە سەرجەمن و هەر هەوتیشی بریکاری جێگری چرا و ڕووناکییەکەین) یانی چراکە پیر بنیامینە و ڕووناکییەکەش سوڵتان سەهاکە.

فانوس (چرا) هێمایە بۆ گەوهەری ڕۆحی پیر بنیامین کە سەرچاوەی نوور و ڕووناککەرەوەی ڕێگای دینی یارسانە. (محمد،٢٠٠٩، ١٨٨)

دڕێژەی هەجووی قەسیدەکەی شێخ ڕەزای تالەبانی:

شەقێ هەڵدەن لە پەردەی عیصمەت و عار        سەر و دەرپێ بەرن بێ فەرق و تەمیز

مەپرسن ئەقلایبا و قەوم و کەس و کار        شەواڵی هەر کەسێ بەر هەر کەسێ کەوت

ئیتر فەرقی ناکا، بیگرێتە بەر کار        کە ئەم وەعضەی تەواو کرد پیرە ئاخوون

ئیتر هەر پف لەشەمع و تف لە حەتیار        ئیتر هەر ئەتکی دین و کەسری نامووس

ئیتر هەر تەرکی شەرم و عەففەت و عار (تالەبانی،٢٠٠١، ١٤-١٥)

بە پێی ناوەرۆکی شعرەکەی شێخ ڕەزا دیارە زیاتر بۆ بریندارکردن و ناشرین نیشاندانی ئاینی پیرۆزی یارسان هەجووی شعرەکەی چرکردۆتەوە لەناو جەم(جەمات) ی یارسانەکان.

وەکو لە پێشەوەی ئاماژەمان پێکرد جەم بە کەعبەی پیرۆزی یارسانەکان دەژمێردرێت، جەم بارەگای پیرۆزی شای هەورەمانە. جەم نشینەکان بە پێی ڕێنمایی کەلامەکانی سەرنەجام پێویستە دڵ و دەروون و جەستەیان خاوێن بێت، سمێڵی بە مۆر بێت( هەرگیز سمێڵی نەتاشیبێ) پێویستە جەمنەشینەکان سەر و پشت ببەستن و کڵاوی تایبەتی خوریی کوردی لەسەر بکەن، ئافرەتانیش نابێت جل و بەرگی ورژێنەر بپۆشن و سوراو و مکیاج بەکاربێنن و پێویستە پشت ببەستن و لەگەڵ پۆشینی سەرپۆشێکی کوردی، نابێت بە شێوەیەکی ناشایستە هەڵسوکەوت بکەن، لە پای جەم یاران کەلام دەخوێنن، تەمووره دەژەنن، نزا دەکەن. (میر حسینی زیبا، ١٩٩٦،لا ١١١-١٣٤)

بەشێکی تری قەسیدە درێژەکەی شێخ ڕەزا لەبەر کەمیی ماوەی باسەکە کەمێکمان نووسیوە، دەڵێ:

ئیتر هەر لنگ ئەبێتە لام ئەلف لا ئیتر هەر کێر دەبێتە باسکی هەوجار

ئیتر هەر گومەزەی سمتە دەسووڕێ بە سوورەی سەرخرا وەکو صەرخی دەوواڕ

ئیتر هەر دایکە پیرە و هەلئەنیشێ بە کەللەی کێرەوە وەکو ورچی سەردار

ئیتر هەر پاوەنەی زیوە و زڕەی دێ لەبەر کوت پێوەدان ئەخشێ لە دیوار

شێخ ڕەزا کە سەر بە ئاینی یارسان نییە تێناگە لە پیرۆزیی ڕێوڕەسمی جەم و نازانێ هۆکاری کۆبوونەوەی چەندان خێزان لە جەمدا هۆکار و مانای چیە.

ئەو بنەماڵانەی کە بەشداری جەم دەکەن هەر ماڵە و بە مەنیەک برنج و کەلەشێرێک بەشدار دەبن لە نوێژ و نزای  بە کۆمەڵی، کە سەرجەم خێزانەکان بڕوایان وایە لە پای جەمدا خوشک و برای یەکترن و ڕازین بە بەشی یەکسان بۆ منداڵ و پیر و لاو.

خەلیفە دامیار دۆنی سەید عبدولوەفایە لە دیوانەکەی بابا ناوسدا دەفەرمویّ:

نەجەم ئەو زانووی یەکتر بدان هێز     تا پەی باقی تۆ بکیران ئاخێز

واتە: (لە جەمدا هێز بە ئەژنۆی یەکتر بدەن تا بۆ ڕۆژی مانەوە بتوانن ڕاپەڕن). واتە لەسەر ئەژنۆ دانیشن، کەلام بە ئاوازەوە بخوێنن و تەمیرەش بژەنن بۆ ئەوەی جەمنشین بیریان بەلای کەلام و ئاوازەکانەوە بچێت.

شێخ ڕەزا لە بەشێکی قەسیدەکەیدا کە لە خوارەوە نووسراوە :

لە وەصفی(کاکەیی) گەر صەرفی عومرم

بکەم، ناکەم بەیانی عوشری میعشار

عەمودێکم هەیە وەک توولی داوود

کوتامە ژێری کورکەی دایە ڕێزوار

تسێکی کەند بە ڕیشی سەی براکە

ترێکی دا بە یادی باوە یادگار

شێخ ڕەزا ئەشێ ڕاگوزەر ناوی داود و یارانی پیرۆزی یارسانی بیستبێ لە هەجووی شیعرەکەی ئاماژەی پێدایە بە نموونە داوودی کەوە

سوار یان داوودی دیوان یەکێکە لە یارانی سولتان سەهاک مەزاری پیرۆزی لە پردێوەری هەورەمانە، کە ڕووگە و شوێنی زیارەتی بڕودارانی یارسانە، لە ئاینی یارساندا ڕۆحێکی مەزنە و ڕۆڵ و پێگەی دەلیلی و فریادڕەسی پێدراوە، کۆمەڵێک کەلای پیرۆزی لە سەرەنجامدا جێگیرکراوە.

بابا یادگاریش وەکو ڕۆحێکی مەزنی پیرۆزی ڕابەرانی ئاینی یارسان ناسراوە و مەزارەکەی لە داڵەهۆی کرمانشاهی ڕۆژهەلاتی کوردستانە. نەزانی و نەشارەزایی شێخ ڕەزا لەوێدا دەرکەوێت کە شاعیری مەزنی کورد (مەولەویی تاوەگۆزی) دەچێتە زیارەتی (بابا یادگار) و نزا دەکا کە لە هۆنراوەکەیدا پێگەیەکی بەرز و پیرۆز بۆ (بابا یادگار دادەنێ)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زانیاری و شارەزایی مەولەوەیی شاعیر دەربارەی ڕۆحی پیرۆزی (بابا یادگار) و خزمەتی لە ئاینی یارسان:

سەر شار سەهبای بەزم موناجات مەلجەی ئیلتجای ئەرباب حاجات

جای رجای جەرگەی پادشا و دەروێش بارەگا و پەنا پەی بێگانە و خوێش

سەر و سایەدار نیشاندەی وەلی یەعنی یادگار مورتەزا عەلی

بە ڕوونی دیارە لە هۆنراوەکەی مەولەویی تاوەگۆزیدا کە ڕۆحی بابا یادگار لە ئاستی بەرزی و پیرۆزی ڕۆحی ئیمامی عەلی دادەنێ و بەرانبەری نزا دەکا. (بورەگەیی، ٢٠٠٨، ١٨٥)

خوێندنەوەمان بۆ دیوانی شاعیرێکی تری کوردستان کردووە بە ناوی (مەلا جەباری)، کە شیکاری ناوەرۆکی شیعرەکانی دەکەین دەبینین شاعیر تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی نەرێنی ناوەرۆکی شعرەکەی داڕشتووە. بەڵام کە وردتر ڕاڤەی شعرەکە دەکەین ئەم

شاعیره لە سەردەمەکەی خۆی سەر بە توێژی خوێنەوار بووە، بەڵام بەرچاوتەنگی و هەڵوێستی مەزهەبگەرایی توندڕەوی پاڵپێوەناوە خۆشی بەخزێتە ناو گرووپ و دەستەیەک کە ڕاستەوخۆ دەستدرێژی بکەنە سەر یارسانییەک و سوکایەتی بە سمێڵی بکەن کە سومبولی پیرۆزی ئاینەکەیەتی. خاڵی گەوهەری کاردانەوەی یارسانییەکە بەهۆی چەمکی خاککەڕایی و خۆنەویستی کاردانەوەی نابێ بۆ بەرگریکردن و وەڵامدانەوەی ئەم کارە قێزەونە. (لە دنیابینیی یارسانەکانەوە هەموو پێکهاتی کورد کە بڕواداری ئاینی یارسانیش نەبن بە هاوخوێنی خۆی دەزانێ و ئەوانەی بیروباوەڕی توندڕەوی ئاینێکی تریان هەیە بە نابینا یان نەزان دەیانبینێ. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیاتر لێبوردەبوون).

لەم بەشەدا شاعیرێکی تری کوردستان بە نموونە وەردەگرین، کە لە سەردەمەکەی خۆیدا ناسراو بووە وەکو شاعیر و کەسایەتییەکی ناسراوی خێڵی جەباری کە لە خوارووی خۆرهەڵاتی شاری کەرکوک لە کۆندا جێنشین بوون (مەلا جەباری):

ناوی فەتاحی کوڕی سید مستەفای سید ئیسماعیلی سید جانییە، لە تیرەی سید عبدالجباریە، لە ساڵی (١٨٠٦) زاینی لە ئاوایی بانگول (دەکەوێتە ناوچەی جەباری کە کۆمەڵێک دێ دەگرێتەوە) هاتۆتە دونیاوە بە نازناوی شاعیری (مەلا) ناسراوە، لە نێو عەشیرەتی جەباری ناسراو بووە، مەلای لادێیەکەی خۆی بووە، لە هەمان کاتدا کاریشی کردووە، خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبی کلاسیکی کوردی کردووە، جگە لە زمانی کوردی بە زمانی عەرەبی، تورکی و فارسی شعری نووسیوە، شوێنێکی تایبەت و دیاری هەبووە لە نێو شاعیرانی ئەو سەردەمدا، ئەگەر زیاتر بچینە ناو ئەدەبیاتی مەلاوە و دیراسەیەکی وردی بکەین زیاتر بە شێوزاری هەورامی هەڵبەستی هۆنیوەتەوە جگە لەوە زمانی عەرەبی و تورکی بەکارهێناوە، شعرەکانی لە ناوچەکانی جەباری خەڵکەکە زیاتر بە

ئاوازێکی خۆشەوە ئەیکەنە گۆرانی و بەستە و بە مەقامی خاوکەر ئەیڵێنەوە، شیعرەکانی لەبارەی دڵداری و خواپەرستی و پەلاماردان و پیاهەڵدان و لاواندنەوەیە. جیا لەمانەش شارەزاییەکی تەواوی لە ئەدەبیاتی فارسی هەبووە، لە چەند شیعرێکیدا چەندان دێڕی شیعری شاعیرانی فارسی ئاخنیوەتە ناو شیعرەکانیەوە، مەلای جەباری ساڵی ١٨٧٦ لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە ئاوایی (تاوێر بەرز) کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەبرێتەوە بۆ ئاوایی بانگول و لەوێ بە خاکی دەسپێرن (جەباری، ١٩٦٨، 32-18).

ڕۆژێکیان بڕوادارێکی ئاینی یارسانی وەکو خەڵکی ناوچە و ناسیاو میوانداری ماڵی شێخ عبدالرحمن خالصی تاڵەبانی دەبێت. لەم کاتەدا یارسانییەکە بێئاگا لە پلانی شێخ و دەست و پەیوەندییەکەی، پاش کەمێک مانەوە، دەست و پەیوەندەکانی شێخ بە فەرمان و ڕەزامەندیی شێخ لە پڕێکدا زەفەر بە میوانە یارسانییەکە دەبەن و بە زۆر سمێڵی دەتاشن (ئەم ڕووداوە لە خۆیدا جۆرێکە لە ئەتککردن بە تایبەت کە شێخ بە ئاگا بووە لەوەی کە بڕوادارانی ئاینی یارسان دەستلێنەدان و هێشتنەوەی سمێڵ سیمبولی پیرۆزی ئاینەکەیانە.

لەم دەستدرێژییە بە کۆمەڵییە شاعیر (مەلا جەباری) بە پێی ناوەرۆکی شعرەکەی خۆی بەشدار بووە، و لە ناوەرۆکی شیعرەکەشی بە ڕوونی دیارە کە هەستی بە شەرم و ئازار و شکستی میوانە یارسانییەکە کردووە و بەشداری کردووە لە سمێڵ قاچینەوەی. هەروەها زانیویەتی قاچینەوەی سمێڵی ئەم میوانە یارسانییە ئەوەنە کاریگەر بووە بۆی کە ویستوویەتی سەری خۆی هەڵگرێت بۆ ناو خێڵێکی دوور (لەبەر شەرمەزاری ڕووی نەبووە بگەڕێتەوە ناو یارسانەکان).

هەرچەندە مەلا جەباری سەر بە توێژی خوێنەواری ئەو زەمان بووە، بەڵام نەبوونی زانیاریی پێویست دەربارەی ئاینی یارسان و هەڵوێستی

دوژمنکارانەی ئاینەکەی پاڵنەری بەهێز بووە، وەکوو مەلایەک ئەم ڕۆڵە ببینێت. لە بەرانبەریشدا هێزی ئیمانداری بۆ ئاینی ئیسلام هیچ هەست و هاوسۆزییەکی کوردانەی لە دڵا نەهێشتۆتەوە، بۆیە ڕیگەی بە خۆی داوە دەستدرێژی بکاتە سەر کافرێک لە دنیابینیی خۆیەوە بە زمانی کابراوە ئەم هەڵبەستەی گوتووە:

سمێڵەکەی

التجا بردم وە تەکیە داری　　لە خالق نەترس لە حق بیزاری

هەروام پەروا کرد چومە تاسەوە　　دیم دەستی ئاماو وە مەقاسەوە

کلیمەی توحید وەزور پپیم واچان　　وەزۆر سمێلمیان تەمام وەرقاچان

ئەگەر بوینی زەرە ئیشەکەم　　گردەوە بکەم چنگە پوشەکەم

لەی شەرمناکی لە خەجالاتا　　هەرگیز نەنی وەم کەس لەم ولاتە

شەرت بو من لە داخ ئەی سمیلەوە　　سەر بنیم وەزید ڕای سەرخیلەوە

بە سروشت لە دێر زەمانەوە ئەو پیاوانەی کە توانیویانە بگەنە پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و شانازییان بە شکۆی خۆیانەوە کردووە، سەر و ڕیش و سمێڵیان هەڵگری جۆرێ لە مۆرکی تایبەت بووە کە ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین مۆرکێکی کوردانەیە، لەمەنە (بابا تاهیری هەمەدانی، نیزامی گەنجەوی، بابا سەرهەنگ داودان، سورە وەردی، مەلای جەزیری، و چەندانی تریش).

زۆربەی هەرە زۆری عارف و زانایان و فەیلەسووف و ڕۆشنبیرانیش نەک تەنها سمێڵ بەڵکو ڕیش و پرچیشیان دەهێشتەوە، نموونەی چەندان پەیکەری دێرینمان هەیە لە سنووری کوردستانی گەورەی سەردەمی مادەکان هێما و سیمایەکی شێرئاسای ڕیش و سمێڵ خەملاو دەبینین.

یارسانەکان (کاکەییەکان) بە بڕوا و ئیمانەوە سمێڵ وەکو هێمای پەیمان و دیارییەکی پیرۆزی خودی سولتان سەهاکە بۆ هەر نێرینەیەک تا ببێت بە نیشانەی دەرکەوتنی یارسانی، بۆیە سمێڵیان خۆشدەوێ و زۆربەشیان نایانەوێ مۆری سمێڵیان بشکێ لە هەمان کاتیشدا شانازی پێوە دەکەن، چونکە خەڵاتی مەولایە و سیمبولی بەرخودان و خۆڕاگرییە لەسەر خاکی ئەژدادیان. چۆن بەستنەوەی کەمەر و سەر لە نێو یارسانەکان هێمای خاکی و ڕێزگرتنە لە جەم و جەمنشینان، نەتاشینی سمێڵیش یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی هزری یارسان.

پیر بنیامین سەبارەت بە سمێڵ دەفەرموێت

سوێلێ مۆرت وە لێوە هاما

سکە بژەندی وە یاری ناما

تاکە پوختە نانت نەواچان خاما (کاکەیی،٢٠١٢، ٤٨٩-٥٠٠)

سولتان سەهاکیش دەربارەی سمێل دەفەرموێت

هەر کەس دڵ وەشەن وەی ڕاگەو ڕاما          یوێلیشیان مۆرەن دەم وەکلاما

واتە هەر کەس دلخۆشە بە ڕێگەی ڕاما          سمێلیان مۆرە و دەمیان بە کەلامە

(بە واتەی دەبێ بە سمێڵەوە کلام بخوێنن).

شێخ ئەمیر لە بارەی سمێڵەوە دەفەرموێ:

نوختەی سککەی شەرت هەرکەس کەرۆ کەچ

سککەش وە بازاڵا یار نییەن ڕەواج

واتە: ( ئەمە گەوهەری کەلامەکەیە ئەوەی سککەی شەرت (سمێڵ) بتاشێت سککەی لە بازاڕی یاریدا ڕەواجی نییە). واتە لە دواڕۆژدا بە یارسانی ناژمێردرێت. (کاکەیی، ٢٠١٢، ٤٨٩-٥٠٠)

مەلا جەباری لە ناوەرۆکی شعرێکی تریشیدا ئەوە دەردەبڕێ کە لە دیارنەمانی قورەمە (گاسن و هەوجار)ەکەی گومان دەخەنە سەر هاوولاتییەکی سەر کوڕی پیاوێکی یارسانی (کاکەیی) لە دێی باوەدا. لەو سەردەمەدا دێیەکە بەدەست کاکەییەکانەوە بووە، ئەویش بەو دەلیلەی کە کابرای کاکەیی هاوسنوورە، بۆیە بە نامەیەک داوای لێ کردووە کە پاکانە بکاو سوێند بە موقدساتی بخوا تاکو ئەو تاوانە لەسەر خۆی لابەرێ. جا کابرای کاکەیی سوێندی بۆ خواردووە کە ئاگای لە قورەمە (هەوجارە) دزراوەکە نییە و مەلایش سوێندی کابرای کاکەیی بە هەڵبەست دەهۆنێتەوە. لەبەر درێژیی هۆنراوەکە تەنها چەند دێرێکی وەردەگرین:

قورەمە دزراو:

سید دین خاس، سید دین خاس          میزای پاک مەزەب سید دین خاس

پەروەردەی وەچاغ بارگەی سید هەواس   کولین حەرەم دایە ڕیزوار ناس

دەی سابو وە عەشق خوکان پایداغ          بوز قدیم سال جەناساز یاتاغ

به شق خەزنەکەی خلیفە باپیر(جەباری، ١٩٦٨، ١٨-٣٢)

................................

گومان خستنە سەر یارسانییەکان دیاردەیەکی ناسراو بوو لای یارسانییەکان کە زۆرجار بە پیس و دز و حەرامخۆر ناویان دەزڕاندن، پاشماوەیەک ئەوسا دەردەکەوت کە هیچ پەیوەندییان بە ڕووداوەکەوە نەبووە، هۆکاری ئەم گومانە لای زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە پەیوەست بوو بە جیاوازیی ئاینەکەیانەوە، هۆکاری گەوهەریش ئەو دیاردەیە ئەوەیە کە ئەمڕۆشی لەگەڵدابی بە هۆکاری پەرشوبڵاوی و لاوازییان بە ڕاشکاوی تیشک ناخەنە سەر ناوەرۆکی ئاینەکەیان و زانیاری نابەخشن بە دەرەوەی خۆیان.

لە گەوهەری ئاینی یارساندا وەکو ئاینێکی تر داڕێژراوە لەسەر چەندان کۆڵەگەی بنەڕەتی کە لە تێکستەکانی (سەرەنجام) ئاماژەی پێدراوە، بە تایبەت لەبارەی بەها کۆمەڵایەتییەکانی وەکو (پاکی، ڕاستی، خاککەڕایی، لێبوردەیی و خۆنەویستی)

وەکو ئەوەی شاخۆشین دەفەرموێ:

یارسان ئەو ڕا...

ڕای حەق ڕاسییەن بڕانان ئەو ڕا

وە پاکی و ڕاستی وە نیستی و ڕەدا

قەدەم وە قەدەم تا وە مەنزڵگا

واتە: ئاینی یاری پاکی و تەمیسی و ڕاستی دەوێ، ئێوەش بەو جۆرە دینداری بکەن، پاکی و ڕاستی و نیستی ڕەدابار بن، قۆناغ بە قۆناغ تا

دەگەنە مەنزڵگا) (کاکەیی،٢٠١٢، ٦٤٦) بۆیە باوەڕدارانی ئاینی یارسان دەبێ لە هەموو ڕوویێکەوە ڕاست و دروست بن لە کردار و گفتار و ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا.

لە بنەڕەتدا پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و براوادارانی یارسان ڕۆنراوە لەسەر بنەمای متمانە، ڕێزگرتن و ڕۆحی یارمەتی و ڕازیکردنی دراوسێکانیان (ئەگەر بڕواداری ئاینی  یارسانیش نەبن). لە کەلامەکانی ئاینی یارسان ئامۆژگارییەکی زۆر هەیە لەسەر ئەرکی دراوسێیەتی، لەوانە:

پیر موسی دەفەرموێ:

پاکی و نیست  بۆ ڕای ڕەداباری

هامسات ڕازی بۆ نە کرداری

دۆستان بواچان نێکیت بسیاری

خاسیت بوانان گردین نامەوەر

نوختت وە ڕاستی سەبت بۆ نە دەفتەر

واتە: (پاکی و خاکەڕایی خۆبەبچووکزانین هەمیشە ببێت بە ڕەوشت، دەبێ دراوسێکانت لە هەموو کردەوەیەکت ڕازی بن، دۆستان و نامەوران بە زۆری باسی چاکیت بکەن و قسە و کردارت بە دروستی لە دەفتەری پیر موسێدا بنوسرێت) هەر یارسانییەک لەگەڵ دراوسێدا خراپ بێت لەم دونیا و لە دواڕۆژیشدا زەرەرمەند دەبێت. (کاکەیی، ٢٠١٢، ٧١٤)

هەروەها داودی کەوەسواریش لە کەلامێکیدا دەفەرموێت:

ڕای حەق ڕاستییەن وە بێ خۆف و تەرس

نە نیشان وە لاک چوین نەفس کەرکەس

واتە: (ڕێگەی حەق ڕاستییە و ترسی تێدا نییە، بە وێنەی باڵندەی سەرگەڕ شتی پیس و بۆگەن نەخۆن)، واتە لە پیسخۆری و حەرامخواردن دووربن. لە نێو بڕوادارانی ئاینی یارسان دزیکردن نەریتێکی گوناح و شورەییە، ئەمەش لە نێو جەم قبووڵ ناکرێ و جەزی لای پیر بنیامین بە تا دەبێت، ئەمەش باوەڕناکەم هیچ بڕوادارێکی یارسانی هەستێ بە دزیکردنی بچووکترین شت بۆ لەدەستدانی گەورەترین شتی ژیانی. (تاهیری، ٢٠٠٩، لا٥٧٨)

کەڵە شاعیرێکی ناوداری تری کوردیش لەبەر نەبوونی زانیاریی پێویست و بێئاگایی لە گرنگیی خەبات و ئاینە کوردییەکان قوربانیدانیان بە درێژایی مێژوو، توشی هەجووکردن و بە وێناکردنی کەسایەتییە پیرۆزەکانی ئاینی یارسان بە لادەر و بێڕەوشت وێنادەکا. هەروەها بەراوردیان دەکا، ئەوەی کە شێوەیان لە جوو دەکا، کە بە درێژایی مێژوو سەر و سیمای پیاوی کوردی مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە لەبارەی سەر و ڕیش و سمێڵەوە هەر لە بابا تاهیرەوە بیگرە تا ئەمڕۆ.

## کورتەیەک دەربارەی ژیانی مەحوی:

مەلا موحەمەد کوڕی مەلا عوسمانی باڵخییە، لە نەوەی زانای ناودار شێخ ڕەشە، باپیریشی وەک باوکی ناوی مەلا عوسمان بووە

ڕای جیاواز هەیە لەسەر ڕۆژی لەدایکبوونی، موحەمەد ئەمین زەکی بەگ مێژوونووسی کورد دەڵێ لە ساڵی ١٢٥٢ی کۆچی (١٨٣٦ یان ١٨٣٧) دا لەدایکبووە. بەلام عەلائەدین سەججادی ڕای وایە لە ١٨٣٠ (١٢٤٦ی کۆچی)دا لەدایکبووە، کاکەی فەلاح ڕای جیاوازی هەیە؛ لە ١٢٤٧ی کۆچیدا

لەدایکبووە. لە سەردەمی منداڵی واتە لە سەردەمی حەوت ساڵان لای باوکی قوتابی بووە و خوێندیەتی، پاشان چووەتە سنە و سابڵاخ و لای مەلا عەبدوڵای پیرەباب خوێندوویەتی. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لای مەلا ناودارەکانی ئەو ناوچەیە خوێندوویەتی. پاشان چووە بۆ بەغدا و بۆتە فەقێی موفتی زەهاوی و هەر لای ئەویش ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

پاش وەرگرتنی ئیجازەی فەقێیەتی لە ساڵی ١٨٥٩ز دا بووە بە مەلای مزگەوتی ئیمامی ئەعزەم لە بەغدا، بەڵام لە ساڵی ١٨٦٢دا، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بووە بە ئەندامی دادگا. لە ساڵی ١٨٦٨ ز بووەتەوە بە مەلا و دەستی کردووە بە وانەوتنەوە بە فەقێیان، مەحوی لە ساڵی ١٨٨٣ دا چووە بۆ حەج و لەوێوە چووە بۆ ئەستەمبووڵ، چاوی بە سوڵتان عەبدول حەمیدی عوسمانی کەوتووە. سوڵتان ڕێزێکی گەورەی لێ گرتووە و خانەقایەکی بۆ دروستکرد لە سلێمانی، کە ئێستا بە خانەقای مەحوی بەناوبانگە. دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان هەر خەریکی وتنەوەی دەرس و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بووە. مەحوی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٦ ز کۆچی دوایی دەکات و لە یەکێک لە ژوورەکانی خانەقاکەیدا بەخاکسپێردراوە.

بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی لەو سەردەمەدا هێز و تینی ئێستای نەبووە، مەحوی وەکو شاعیرانی سەردەمی و پێشووتری وشەی فارسی و عەرەبی زۆر بەکارهێناوە،

لە بەیتە شیعرێکی لە لاپەرە ٥٨ ی دیوانی مەحویدا لە ڕاڤەکاری و شیکاری زانا و گەورەی کورد (عبدالکریمی المدرسە) دەڵێ:

ڕیشێکی پان و تووکی بنا گوێ درێژ و لوول         سۆفی لەدینی لادە بەدیمەن لە جوو دەکا

گەر عاشقی لە خوونی جگەر قوم دە، دەم مەدە مەی خوارە، خام کارە هەتا هاو و هوو دەکا

دنیا بەحیلە مەیلی بە ئەبنای گەر ببێ ئەم((دایە ڕێزبار))ە بە فرزەندی شوو دەکا

( مودەریس، مەلا کەریم، ١٣٩٧، ٥٨)ی کورد بەم شێوەیە ڕاڤە و شیکاریی شعرەکەی مەحوی دەکەن: (ئەگەر عاشقی ڕاستەقینەی قوم بدە لە خوێنی جگەری خۆت و بیخۆرەوە هەناسە مەدە تا تەواوی دەکەیت ناڵەت لێ نەیەت، چونکە مەستی ڕاستەقینە کەسێکە ئەوەندە سەرخۆش بێ لە هۆشخۆی بچێ ئەگینا بە نەفام و ساویلکە دادەنرێ، هەرگیز بە دونیا پشت ئەستور مەبە و دەست لە دڵداری خۆت هەڵمەگرە ئەگەر جاروباریش وا ڕێکبکەوێت دنیا لای بە لای ئینساندا بکاتەوە، لاکردنەوەکەی بە فێڵ و قیل دەبێ، لاکردنەوەیەکی ناپەسەند و نادروست دەبێ، وەکو شوکردنەکەی دایە ڕێزبار بە کوڕکەی خۆی).

دیارە بڕوادارانی یارسان سەدان ساڵە لەژێر دەسەڵات و کلتووری ئاینی زاڵی ئیسلامدا ژیاون و بە درێژایی مێژوو توشی قڕان و کوشتن و هەجوو و سوکایەتیپێکردن بوونەتەوە. بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان و ئاینەکەیان، بڕوادارانی یارسان توشی جۆرێ لە داخران بوون و لە قۆناغە جیاجیاکان ڕەنگ و بۆنی ئیسلامیان لە خۆیان دا (واتە لە ناو کۆمەڵگا خۆیان بە موسڵمان نیشاندەدا). هەر بۆ نموونە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا کۆمەڵکوژکران و بۆ پاراستنی خۆیان ئاینەکەیان کەسایەتیی پیرۆزی شیعە، وەکو عەلی ئەبو تالیب هێناوە بۆ ناو ئاینی یارسان بەهۆی دۆناو دۆنەوە، هەڵبژاردنی ئەم شێوازە ستراتیژی ژیانکرن بە ناچاری لە هەناوی کۆمەڵگادا بڕوادارانی یارسانی تووشی شلەژان و ترس و هەستی خۆ بەکەم زانین کردووە، کە بەردەوام ناچار

بووە ڕۆڵی موسڵمان ببینێ لە دەرەوە و لە ناوەوەش پەیڕەوییان لە ئاینی یارسان کردووە.

ئەمەش بۆتە هۆکاری دەیان چیرۆکی نەگەتیڤ و ناڕەوا و هەڵبەستی گوماناوی لە لایەن موسڵمانە سوننەکانەوە، و لە لایەنی یارسانەکانەوە بۆ خۆدوورگرتن لە بەڵا و گرفتی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و ململانێی نابەرانبەر هەرگیز خوازیاری وەڵامدانەوە نەبوونە. ئەوەی کە مەحوی شاعیر و مەلا عبدالکەریمی مودەریس و مەلا موحەمەد ئاماژەی پێدەکەن (دایە ڕەزبار شووی بە جگەرگۆشەی خۆی کردووە) لە بنەڕەتدا دەرەنجامی ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوە نەگەتڤانەیە کە هەڵقولاوی کۆمەڵگای سوننەیە دەربارەی یارسانەکان.

لە بنەڕەتدا بڕوادارانی ئاینی یارسان بە پێی دەقەکانی سەرەنجام، دایە ڕەزبار بە ڕۆحێکی بەرز و پیرۆز دەناسرێت، ناوی دایراکی کچی حسین بەگی جەڵدە، بە پێی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام لە سەدەی هەشتەمی کۆچی لە شاری حەلوان لەدایکبووە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا باوکی مامۆستای بۆ گرتووە لە لای ئەو خەریکی خوێندن بووە، شووی بە شێخ عیسای بەزنجی کردووە سوڵتان سەهاکی لێ بووە (کە نوێکەرەوەی ئاینی یارسانە) بەشێکی زۆری ژیانی بۆ ڕێنوێنیی ژنان و وانەوتنەوە بردۆتە سەر، تا ساڵی ٧٤٥ کۆچی لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە. لە ناو ئاینی یارسان وەکو ڕۆحی فریشتەیەکی مێینەیی پیرۆزی ڕێزلێگیراو ناسراوە. یەکەمین ئافرەت بووە بەشداری و خزمەتکردن و ڕێنماییکردنی جەمی پیرۆزی یارسانەکانی کردووە. لە دۆنەکانی پێشووتریدا چەندین دۆنی گۆڕیوە هەرجارەی لە تەنێک دەرکەوتووە، زۆربەی دۆنەکانی ئاماژەی پێکراوە لە کتێبی پیرۆزی یارسانەکان، یەکێکە لە ئەلقەی (هەفتتەن) (بورەگەیی،٢٠٠٨،١٧٤).

جگە لەوە خاتوو دایراک مامۆستای تەنبوورەژەنین بووە، ئاوازی بۆ کەلامەکانی خۆی داناوە، زۆربەی کەلامەکانی خۆی بە دەنگ و ژەنینی تەنبوورەدا خوێندۆتەوە.

هەندێ لە نموونەی کەلامەکانی کە لە سەرەنجامدا هاتووە:

پاک و وجوود مەوۆ        هەر یاررێ یارە پاک و وجوود مەوۆ

دویرچە سەودایی حەرف سوود مەوۆ        دایم وە شوکر ئەو سوجوود مەوۆ

فەردا ڕۆی حساب بەرە گیر مەوۆ        وە ئیقرار شا وە شەرت پیر مەوۆ

واتە (بوونی مرۆڤ پاکی گەوهەری بوونی مرۆڤە، هەر یارێ لە ڕێی پاکییەوە وجود پەیدادەکات، دەگات بە شوناسی خۆی، و لە ڕێگەی خواپەرستی و شوکرانەبژێری دەتوانێ خۆی بپارێزی لە زۆر سەوداسەری، ئەوەش لای یەزدان بۆی حساب دەکرێ، بە پێی بڕیاری شای هەورەمان و پەیمانی پیر بنیامین). (تاهیری،٢٠٠٩، ٣٨٧)

وەکو ڕاستییەکی مێژوویی دوای هاتنی عەرەب بۆ سەرزەمینی کوردستان و سەپاندنی زمانی عەرەبی وەکو زمانی پیرۆز و ئاینی زاڵی ناوچەکەش بە زۆر سەپێنرا و ئەمەش بووە هۆکاری فشارێکی سەرتاسەری بۆ سەر کلتوور و زمان و ئاینە کوردییەکان. لەبەر شکست و لاوازیی یارسانەکان ناچار بوون و پەیڕەو لە ڕیوڕەسمی ئاینەکەیان بکەن بە نهێنی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی زۆر چیرۆک و هەڵبەستراوی ناڕاست بدەنە پاڵ ئاین و بڕوادارانی یارسان. یەکێ لەم چیرۆک و بوختانانە ئاراستەی کەسایەتیی پیرۆزی یارسانەکان کە دایکی سوڵتان سەهاکە و ناوی دایە ڕەزبارە، کە گوایە بە پێی شیعرەکەی

مەحوی (خێڵی کاکەیی تەفروتونا کراون و کەسیان لێ دەرنەچووە ئافرەتێکی دووگیان نەبێ کە ناوی دایە ڕەزبار بووە لە شوێنی ئاوایی (هاوار) ی ئێستا خۆی پەنا داوە تا منالەکەی دەبێت، منالەکەی کوڕ دەبێت بەخێویدەکا پێی دەگەیەنێ، گەورەدەبێ خۆی شووی پێ دەکا وەچەیان لێ دەبێتەوە و دیسانەوە خێڵەکەیان زیندوودەبێتەوە. (مودەریس،١٣٩٧، ٥٩)

**ئەنجام:**

ئاینی یاسان چەندان قۆناغی سەختی مێژوویی تێپەڕاندووە و هەمیشە لە سەنگەری بەرخودان و پاراستنی زمان و باوەڕ و کلتووری کوردی ماوەتەوە بەرانبەر بە دوژمنان و نەیارانی کورد، درێژەی بە خەباتی خۆی داوە، دابەشبوونی کوردستان و زاڵبوونی دوژمنان و ئاینی زاڵ ڕۆڵی خۆی هەبووە لەسەر ڕەنگرێژکردنی دیدگای زۆربەی هاووڵاتییانی کوردستان بەرانبەر بە ئاینە کوردییەکان.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیری و ناوداری کورد، وەکو نەریتی خێڵەکەی خۆی ئەو کات کە پەیوەندیی دوژمنداری و گرژی هەبووە لە نێوان خێڵی تاڵەبانی و بڕوادارانی یارسان لە ڕێگەی هەجووی کاکەییەکان، مەبەستی بووە بە شێوەیەکی ناشرین وێنایان بکات.

شێخ ڕەزا وەکو پیاوێکی بڕواداری ئیسلام هەجووی کاکەییەکان (یارسانییەکان) دەکات وەکو هەڵگەڕاوە و بێبڕوا پێناسیان دەکات تا لە لایەن خێڵی تاڵەبانی و کۆمەڵگەی ئیسلام ستایش بکرێ و بە شکۆیی ناوداریی خۆی شانازی بکات.

مەلا جەباریش وەکو شاعیرێکی کلاسیکی کوردی بەشداریکردووە و شانازی کردووە کە دەستدرێژی کردۆتە سەر بڕوادارێکی یارسانی و

سمێڵی تاشیوە کە سیمبوڵی پیرۆزی ئاینی یارسانە، هەروەها بێبەڵگە گومانی تاوانباری لێکردووە بە دزینی (قورەم) هەوجار لەبەر ئەوەی لای خۆیەوە بە هەڵگەڕاوە و بێبڕوا ناسیویەتی، بۆیە گومانی دزینی هەوجارەکەی داوەتە پاڵی.

جگە لەوە شاعیری گەورەی کورد مەحوی لەبەر دەمارگیریی ئاینی و کەمزانیاری و نەزانینی دەربارەی مێژووی داگیرکاریی کوردستان، هۆکاری نامۆبوونی ئاینە کوردییەکان  بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی کەسایەتیی پیرۆز و ناوداری ئاینی یارسان (دایە ڕەزبار) بە شێوازێکی زۆر ناشرین و دوور لە کلتووری کوردی هەر ڕێز و پێگەیەکی ئافرەت ناوزەندی دەکات بە بێڕەوشت و لادەر و لە ئاستێک کە شووی بە جگەرگۆشەی خۆی دەکات.

**سەرچاوەکان:**


- ئیزەدی، میهرداد، ئاین و تایفە ئاینییەکان لە کوردستان، وەرگێڕان، کامەران فەهمی، سلێمانی ٢٠٠٢.
- بورەکەیی، صدیق صفی زادە، مشاهر اهل حق، تهران، ١٣٦٠.
- بۆرەکەیی سدیق(سەفی زادە): کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەیان، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠٠٨.
- بورەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی بەرگی یەکەم،هەولێر ٢٠٠٨.
- ب. لیرخ، دراسات حول الاکراد، ت، عبدی حاجی، دمشق، ١٩٩٢.
- تاڵەبانی، موکەرم: شێخ ڕەزای تالەبانی، ژیانی، پەروەردەی، بیرو باوەری و شیعری، هەولێر، ٢٠٠١.
- تەیب تاهیری، سەرەنجام: کتێبی ئاینی پیرۆزی یارسان. ٢٠٠٧
- تەیب تاهیری: تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠٠٩.
- جەباری، عەبدولجەبار محەمەد: دیوانی مەلای جەباری/ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی /. کەرکووک ١٩٦٨.
- جمال نەبەز، ٢٠٠٩.

- خاڵ، شێخ محەمەدی، ئاشنا، ئومێد: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر ،٢٠٠٤.
- خەزنەدار، مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.
- خلیل عالی نژاد سید: تنبور از دیرباز تاکنون، انتشارات دانش و فن، چاپ اول، ١٣٧٦
- کاکەیی، هەردەوێل، کۆچی یاری، کرکوک، ٢٠١٣
- کاکەیی، فەلەکەدین: ئاینی یارسان، هەولێر، ٢٠١١.
- کاکەیی، فهمی: یارسان، گۆڤاری یارسان، سوید،١٩٩٨
- محمد، زریان جیزنی: سروشت و ڕۆلی ئاینی یارسان لە کوردستاندا_توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیە، هەولێڕ، ٢٠١٩.
- مودەریس، مەلا عبدلکریم، مەلا کەریم، دەقی دیوانی مەحوی، کردستان، ١٣٩٧ .
- میرحسینی، زیبا، اعتقادات، آیین‌ها و فرهنگ در میان اهل حق، در فرهنگ و هویت کردی، کرینبرک، فیلیپ، و آلیسون، کریستین، لندن،.1996
- میران، رشاد، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٠.
- مینورسکی، دائره معرارف ئیسلامیه، مادة اهل الحق، ج٣

**الخلاصة**

تعرف الديانة اليارسانية عند المؤمنين بها كديانة كوردية مستقلة، وان اللهجة الكورانية الكوردية عرفت ايضا كلغة الاهية مقدسة، والتي كتبت بها اولى النصوص البدائية، وقد ربطت الجذور و العناصر و المصادر اليارسانية بالديانات القديمة العائدة للمجتمعات المستوطنة في سفوح جبال زاكروس، مثل المانيين و الزرفانيين و الزرادشتيين و المهربرستية، وقد تطورت و نمت الديانة اليارسانية جيل بعد جيل و انتشرت في حدود و الارجاء الواسعة من الدولة المادية الكبرى.

وفي بحثنا المتواضع هذا سنعرض و نشرح اراء و تصورات لثلاثة من الشعراء الكورد حول الديانة اليارسانية و المؤمنين بها طبقا على نصوصهم الشعرية، وهم (الشيخ رضا الطالباني و ملا جباري و محوي). ان هذا البحث هوالقاء ضوء على تاريخ الديانة اليارسانية التي تعرضت لانتكاسات او ابرازها و نموها من قبل اعداء الكورد و انفسهم في بعض الاحيان، و في كثير من الاحيان تعرض هذا التاريخ الى التدوين الخاطيء وذلك بسبب قلة فهم وعلم بعض الشعراء و الكتاب الكورد، مما جعل من هذه الديانة تصبح و تظهر على غير حقيقته و التي ليس له علاقة بجوهر الديانة و بعيدة عنه.

**Interpretation, views and writings of classical kurdish poets and writers about the yarsani_ kakaye religion**

**Conclusion**

The Yarsan religion is known to its believers as an independent Kurdish religion, and the Kurdish gorani dialect was also known as a sacred divine language, in which the first primitive texts were written. The Yarsani roots, elements and sources have been linked to the ancient religions of the settlement communities in the foothills of the Zagros Mountains, such as the ,Mani Zervanians, Zoroastrians and Mihribersians, The Yarsan religion developed and grew from generation to generation and spread in the broad borders and regions of the great materialist state. They are (Sheikh Rida Talabani, Mullah Jabbari and Mahwi). This research is shedding light on the history of the Yarsan religion, which has been subjected to setbacks, or its emergence and growth by the enemies of the Kurds and sometimes themselves.

In our modest research, we will present and explain the opinions and perceptions of three Kurdish poets about the Yarsan religion and its believers according to their poetic texts. In many cases, this history has been subjected to wrong recording, due to the lack of understanding and knowledge of some Kurdish poets and writers, which made this religion become and appear unreal, which has nothing to do with the essence of religion and is far from it.